# کرێکاران‌و پیشەوەرانی ئاسنگەر نابێت بەشداری ئەم سیناریۆیانە بکەن

هەردوو کۆمەڵەی کاسبکاران‌و سەندیکای کرێکاران بۆ وەڵامدانەوە بەنیازەکانی خۆیان، ڕیزەکانی کرێکاران‌و پیشەوانی ئاسنگەرانیان دوشەق کردوەو هەر ڕۆژە بەبیانویەك‌و هەرجارە بەمەرامێکی تایبەت‌و دوو لەخواست‌و بەرژەوەندی کرێکاران‌و کاسبکاران یاری بەهەڵبژاردنی گشتی نوێنەرانی ئاسنگەران ئەکەن, وە چەندینجار تائێستا ئەم کۆبونەوە گشتییەی ئاسنگەرانیان دواخستوەو هیچ پاساویکی واقیعیشیان نەداوە بەدەستەوە.

ئێستاش پاش ئەوەی کە هەرکام لەو دوو ڕێکخراوەیە، پیشەوانی ئاسنگەر بە موڵکی ڕێکخراوەکەی خۆیان ئەزانن، ئەیانەوێ بەسەرپەرشتی ئەوان‌و هەریەکە ئەیەوێ لەژێرسایەی خۆیدا هەڵبژاردنەکە بەڕێوە بچێ. دیارە ئەم ململانێیە نەبەخاتری پیشەوانی ئاسنگەرەو نەهیچکامیان نیازی چارەسەری گرفت‌و کێشە بێشومارەکانی ئاسنگەران هەیە، بەڵکو مەبەست لەم دووشەق کردنەی ڕیزەکانی ئاسنگەران لەلایەك بۆ شەرعیەت بەخۆدانە، وە لەلایەکیترەوە بۆ بردنی ئەو دەسکەوت داهات‌و ئیمتیازانەیە کەلەم ڕێگەیەوە چنگیان ئەکەوێ، ئەمە وێڕای گرفت‌و کێشە ناوخۆییی‌و شەڕی باڵەکانی ناو حزبر دەسەڵاتدار.

ئێستاش هەریەکەیان‌و بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕاو ئیرادەو بەرژەوەندی‌و خواستی ئەم ژمارە زۆرە لە پیشەوەرانی ئاسنگەر، هەریەکەیان بەجیاو لەسەر بنچینەی ئەو هەویەو مۆڵەت‌و ئابونەی سالأنەیەی کە لە ئاسنگەرانیان سەندوە ئەیانەوێ هەڵبژاردن بکەن‌و هەریەکەیان نوێنەر بۆ ئاسنگەران فەرز بکەن بەسەر ئاسنگەراندا.

ئەم دوو ڕێکخراوەیە بەم کردەوەیەیان وێڕای ئەیسەلمێن کە نەدوورو نەنزیك پەیوەدیان نیە بە بەرژەوەندیەکانی ئاسنگەران‌و سەرجەم پیشەوەرانەوە، هاوکات خەتایەکی گەورەش ئەکەن دەرهەق بە کرێکاران‌و پیشەوەران‌و بێئیرادەکردنیان. وەلەلایەکیتریشەوە ئەم بارگرژیە دەرگای دەخالەت‌و خۆهەڵقورتانی بۆ ڕێکخراوە دیموکراتیەکان کردۆتەوە کە وەك ناوبژیوانێکی سلبی ئەوەندەیتر گرفتە قوڵتر بکاتەوە بەلای خۆیدا ڕایکێشێت‌و تائێستاش چەندین خۆهەڵقورتاندنی نایاسایی‌و نادروستی کردوە.

ئێمە لە یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان سەرجەم ئەم هەوڵانەی ئەو لایەنانە بە دژایەتی ڕاستەخۆو بێپەردەی کرێکاران ئەزانین، داواکارین کە ئەو لایەنانە دەستبەرداری پیلانەکانیان لەدژی کرێکاران بن، وە لە فیدراسیونێکدا سەرجەم پیشەوەران ڕێکخراو بکرێن‌و کۆبکرێنەوە، وەهەرلایەنەو بەرنامەی خۆی بۆ پیشەوەران‌و کاسبکاران ئاشکرا بکات، بۆئەوەی خودی پیشەوەران‌و کاسبکاران بڕیار لەسەر ڕێکخراوی ڕاستەقینەی خۆیان بدەن. وەتا بەدیهاتنی ئەو خواستە، ئێمە لەیەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان بانگەوازی سەرجەم کاسبکاران‌و پیشەورانی ئاسنگەر ئەکەین کە بەشداری سەرجەم هەڵبژاردنەکانی ئەو دو ڕێکخراوە نەکەن، هاوکات دەخالەتی سلبی‌و شێواندنی کار لەهیچ لایەنێکیتریش قبوڵ نەکەن.

بۆپێشەوە بەرەو دامەزراندنی ڕێکخراوی ڕاستەقینەی کرێکاران.

## یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان

2007/2/28